http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.166

# بونیادی زمان لەگێڕانەوەی مەرگەساتی ئەنفال لەڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا

د. دیار فایەق مەجید
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان/
بەشی زمانی کوردی

م.ی. سالار فایەق مەجید
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردە/
بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

زمان ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەخی لەژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە, لەبەرامبەریشدا زمان لەئەدەبدا بووە بەجێگای بایەخی توێژەران, لەم ڕووەیشەوە لەژانری ڕۆماندا زمانی گێڕانەوە دەروازەیەکی هونەرییە و لەڕێیەوە ڕۆماننووس دەتوانێت بەشێوازی جیاواز و جۆراوجۆر جیهانی ڕۆمانەکەی پێشکەش بەخوێنەرانی بکات. ڕۆمانی (هێلانە) کۆمەڵێك ڕووداو و بەسەرهاتی مەرگەساتی ئەنفال لەخۆدەگرێت کەتێیدا ڕۆماننووس (حسێن عارف) لەڕێی مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ زمانداو لەچوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا و بەپشت بەستن بەتەکنیکی گێڕانەوە تیشك دەخاتە سەر مشتێك لەخەرمانی مەرگەساتی ئەنفال, لەم سونگەیەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان دیاریکردووە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: زمانی گێڕانەوە پێکهاتەیەکی گرنگی ژانری ڕۆمانە و دەکرێت لەڕێی مامەڵەی تایبەتی نووسەرانەوە بۆ زمانی گێڕانەوە هەمان باس و بەسەرهات بەچەندین شێوازی جیاواز پێشکەش بکرێت, لەڕۆمانی (هێلانە)دا ڕۆماننووس (حسێن عارف) لەجیهانبینی خودییەوە ئەزموونێکی هونەری لەگەڵ زمانی گێڕانەوەدا ئەنجامداوەو شایەنی توێژینەوەیە. هەروەها مەرگەساتی ئەنفال دۆسیێیەکی پڕ لەتاڵی و نەهامەتی بووە بۆ گەلی کورد، بۆیە پێویستە ئەم کۆژانە نەتەوایەتییە زیندوو بکرێتەوەو ڕێگری بگیرێت لەدووبارەبوونەوەی لەئایندەدا.

ڕێبازی لێکۆڵینەوە: بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی ڕەخنەیی پەیڕەوکراوە.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێکدێت:دەروازە لەدوو باسی تیۆری پێکدێت: (زمانی گێڕانەوە) و (ئاستەکانی زمانی گێڕانەوە). تەوەری یەکەم کە بەناونیشانی (زمانی گێڕانەوە لە ئاستی ئاخاوتن لە رۆمانی "هێلانە"دا)یە لە دوو باس پێکدێت: یەکەم/ زمانی گێڕەرەوە, دووەم/ زمانی دیالۆگ. تەوەری دووەم بەناونیشانی (زمانی گێڕانەوە لەئاستی پێش قسەکردن لە رۆمانی "هێلانە"دا)یە و لە دوو باس پێکدێت: یەکەم/ زمانی مۆنۆلۆگ, دووەم/ زمانی فلاشباك.

لەكۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و سەرچاوەكان و كورتەیەك لە توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی خراوەنەتەڕوو.

**دەروازە/ كورتەیەك لەبارەی زمانی گێڕانەوە**

**یەكەم/ زمانی گێڕانەوە:**

گێڕانەوە بەیەكێك لەگرنگترین بونیادەكانی ڕۆمان دادەنرێت و تێیدا تایبەتمەندی و توانا و بەهرەی ڕۆماننووس دەردەكەوێت، چونكە لەبنەڕەتدا ((گێڕانەوە فۆرمی ناوەڕۆكە))[٢], واتە ڕۆماننووس بەچ شێواز و فۆرمێك باس و بەسەرهات و ڕووداوەكان بەخوێنەر ڕادەگەیەنێت. شێوازی گێڕانەوەش لەڕۆماندا جۆراوجۆرە بەپێی ڕێباز و میتۆدەكانی ڕۆمان هەر لەسەرەتای دەركەوتنی ژانری ڕۆمان تاوەكو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چەند شێوازێك دەركەوتوون، كەبەپێی جیاوازی كات و شوێن گۆڕاون، لەوانە شێوازی گێڕانەوەی ڕیالیزمی، شەپۆلی هۆش, ڕۆمانی نوێ. كەهەریەكە لەم شێوازانە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن. یەكێك لەهۆكارە گرنگەكانی جۆربەجۆری لەشێوازی گێڕانەوە بریتییە لەزمان، واتە مامەڵەی تایبەتی ڕۆماننووس لەگەڵ زماندا, هەر لەم ڕووەوە ڕەخنەگری سعودی (ئامینە یوسف) دەڵێت: ((گێڕانەوە چنینی ئاخاوتنە))[٣]، ئاخاوتن یان زمانی گێڕانەوە لەژێر كاریگەری و هەژموونی چەند ڕەهەندێكدایە، لەوانە ((ڕەهەندی واتایی، هونەریی، ئیستێتیكی. واتە گێڕانەوە لەپلەی یەكەمدا بەمەبەستی گەیاندنی واتا و مەبەستێك پێشكەش دەكرێت، لە پلەی دووەمدا پێویستی بە ئامراز و كەرەستەی تایبەتییە و جیا دەبێتەوە لەگێڕانەوەی ئاسایی، لە پلەی سێیەمدا خاوەن بەهای جوانكارییە و حەز و ئارەزووی خوێنەر دەبزوێنێ))[٤] , ئەم ڕەهەندانە لەڕۆماننووسێكەوە بۆ ڕۆماننووسێكی تر، هەروەها لەسەردەم و شوێنی جیاوازدا دەگۆڕێن، ئەویش بەپێی بارودۆخی ڕۆشنبیری ڕۆماننووس و خوێنەر و جۆری بابەت و باسی ڕۆمانەكە دەگۆڕێت، ڕۆماننووسە ڕیالیزمییەكان لەگێڕانەوەی جیهانی ڕۆماندا زیاتر پشتیان بەزمانی تۆكمە و خاوەن ڕێزمانی بەرز بەستووە, چونكە لەو جۆرە ڕۆمانەدا ڕۆماننووس هەوڵدەدات وێنەكانی ناو واقیع بۆناو جیهانی ڕۆمانەكەی بگوێزێتەوە، لەكاتێكدا ڕۆماننووسانی شەپۆلی هۆش هەوڵیانداوە زمانی زەین بكەن بەزمانی گێڕانەوە, كەزیاتر خۆی لەزمانێكی پچرپچر و ناڕێكخراو دەبینێتەوە، كەچی لەڕۆمانی نوێدا زمان ئەركێكی قورس ئەخاتە ئەستۆی خوێنەر بۆ بەدەستهێنانی واتا.

زمانی گێڕانەوە بەپێی بابەت و پەیامی ڕۆماننووس دەگۆڕێت و ((جاری وا هەیە (بابەت) چیرۆكنووس ناچاردەكات شێوازی گێڕانەوەی دیاریكراو هەڵبژێرێ)) , بەجۆرێك دەستنیشانكردنی ڕووداوی مێژوویی و واقیعی زۆرجار وا لەڕۆماننووس دەكات پابەند بێت بەواقیعەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی گێڕانەوە بكات و دەقەكەی نەبێت بەگێڕانەوەیەكی سادەی واقیع, بەڵكو لەڕێی مەزراندنی فەنتازیا و خەیاڵ و جوانكاری و ڕەچاوكردنی

لایەنی هونەریی بەئەدەب بوون لەڕۆمانەکەیدا بەرپابکات, زمانی گێڕانەوەش بەشێکی فراوانی بەئەدەبکردن لەئەستۆ ئەگرێت.

**دووەم/ ئاستەکانی زمانی گێڕانەوە:**

ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی پێکهاتەی جیهانی ڕۆمانەکەی بەخوێنەر کۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆری لەبەردەستدا دەبێت، ئەمەش لەدوو ڕوانگەوە دەبێت، **یەکەم**: لەڕوانگەی ئەو بەرەوپێشچوونەی ژانری ڕۆمان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە تاوەکو ڕۆگاری ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیویەتی، بەوەی ڕۆماننووس ئەزموونی جیاوازی نووسەرانی تری لەبەردەستدایەو ئەتوانێ لەمەزراندنی جیهانی ئەندێشەکراوی ڕۆمانەکەیدا سوودیان لێببینێت. **دووەم**: توانا و بەهرەکانی خودی ڕۆماننووس لەوەی شێوازی تایبەتیی خۆی لەگەیاندنی پەیام و بابەت و باس و بەسەرهاتەکان بەکاربهێنێ. لێرەوە ڕۆماننووس دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەوە، مەبەست لە هەڵبژاردن دەستنیشانکردنی شێوازی گونجاوە لەتەکنیك و بونیادی هونەری لەچۆنێتی گەیاندنی پەیام و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو دەقی ڕۆمانەکەی بەخوێنەر, بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی زمانی گێڕانەوەی دەقەکەیدا.

ئەگەر چاو بەنێو ئەزموونی ڕۆماننووساندا بگێڕین فۆرم و شێوازی جۆربەجۆر لەزمانی گێڕانەوەدا دەبینینەوە, کەدەتوانین بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو شێوازانە لەژێر چەتری دوو پۆل یان دوو گروپ و دەستەدا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیە:

**دەستەی یەکەم**: زمانی گێڕانەوە لەئاستی پێش ئاخاوتن: مەبەست لە چۆنێتی زمانە لەناو زەینی مرۆڤ لەئاستی هەستدا (وعي)، ئەم ئاستەش ((هەستکردن و خەون و یادەوەری و بەدەستهێنانی وێنە لەخۆ دەگرێت)) ئەوەی لەم ئاستەدا بوونی هەیە لەشێوەی بیرۆکە و وێنەدایە و لەژێر کۆنترۆڵی هزری مرۆڤدا دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەوێنە و بیرۆکەکان لەنەستەوە (لاوعي) سەرچاوەدەگرن، کەواتە لێرەدا مەبەستمان لەئاستی پێش ئاخاوتن هەست و نەستی مرۆڤە پێش ئەوەی بخرێتەسەر ڕێکخستنی زمان. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ((ئاستی پێش ئاخاوتن لەژێر چاودێری نییە)) و لەهەموو فشار و کارتێکەرێکی دەرەکی دوور دەبێت، هەربۆیە ئەم ئاستە بەواقیعێتی تایبەتی و ڕاستەقینەی مرۆڤ دادەنرێت و بەشێك لەڕۆماننووسان ئەم ئاستە دەکەن بەزمانی گێڕانەوەی ڕۆمان, ئەویش بەپشت بەستن بەکۆمەڵێك تەکنیك لەگرنگترینیان (مۆنۆلۆگ) و (فلاشباك)ن.

**دەستەی دووەم**: زمانی گێڕانەوە لەئاستی ئاخاوتن: ئەو جۆرە زمانەیە کەمرۆڤ بەمەبەستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەربڕین و گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی پشتی پێدەبەستێت، واتە لەڕێی زمانەوە جەستە بەبیرۆکە و وێنە زەینییەکانی دەبەخشێت, بەواتایەکی تر گۆڕینی وێنەی زەینی بە وێنەی زمانی و

درکاندنی بۆ دەوروبەر، بەجۆرێك توانای ئەم ئاڵوگۆڕکردنە لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێ. لەگرنگترین ئەو تەکنیکانەی لەڕۆماندا سوود لەو زمانە دەبینێت بریتییە لە(دیالۆگ)ی نێوان کارەکتەرەکان، هەروەها (زمانی گێڕەرەوە) کە ڕۆماننووس لەڕێیەوە جیهانی ڕۆمانەکەی پێشکەش بەخوێنەر دەکات.

## تەوەری یەکەم/ زمان لە ئاستی ئاخاوتندا:

زمان لەئاستی ئاخاوتندا بەشێوەیەکی نیمچە ڕەها لەئاستێکی بەرزی ڕێزمانی و تۆکمەیی واتا بونیاد دەنرێ، چونکە لەم ئاستەدا مرۆڤ بەمەبەستی گەیاندنی ئەوەی لەزەینیدایە بۆ دەوروبەر هەموو هەوڵەکانی بەگەڕدەخات، هەربۆیە زمانی ئاخاوتن وەکو پێناسێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆجی تەماشادەکرێت و لەڕێی ئاخاوتنەوە خوێندنەوە بۆ کەسانی دەوروبەر دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار زمانی ئاخاوتن هەڵخەڵەتێنەر دەبێت, ئەوەیش بەهۆی زاڵبوونی ترس، یان شەرم، یان خۆدزینەوە لەڕاستییەکان لەبەر هەرهۆکارێك بێت، وەکو هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی, تایبەتی هتد..., هەروەکچۆن هەندێکجار بەمەبەستی فریودانی بەرامبەر بکاربهێنرێ، هەموو ئەمانە بۆ ئاخاوتنی کارەکتەریش دروستن.

## باسی یەکەم/ زمانی دیالۆگ:

مەبەست لەدیالۆگ گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانە. بۆ دروستبوونی کردەی دیالۆگ پێویستە دوو کارەکتەر یان زیاتر ئامادەبن و ((هەریەك لەم دوو کەسە لەیەك کاتدا هەردوو ڕۆڵی قسەکەر و گوێگریش دەبینن)). دیالۆگ بەیەکێك لەتەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە هەژماردەکرێت، بەوەی لەڕێیی گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانەوە خوێنەر زانیاری سەبارەت بەجیهانی ڕۆمان پێدەگات، هەروەها دیالۆگ کردەیەکی زمانییە و تێیدا کارەکتەرەکان لەڕێی دەربڕینی دەنگەوە وشە و رستە و پەیڤەکانیان ئاراستەی یەکتر دەکەنەوە.

ڕۆماننووسانی ڕیالیزمی هەوڵیانداوە زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکانیان هاوشێوەی زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی بونیادبنێن, بەجۆرێك ((زمانی دایەلۆگ زۆر لەزمانی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکار و فەرمانبەری بچووك نزیك خراوەتەوە بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو زمانەوە گوزارشت لەخۆزگەو ئاوات و کێشەو گرفتەکانی ژیانی ئەوان بکەن)), چونکە بەلای ڕۆماننووسی ڕیالیزمییەوە گرنگ ئەوە بووە وێنەی هاوشێوەی نێو ژیانی ڕاستەقینە لە ڕۆماندا نمایش بکەن، ئەوەش لە سۆنگەی گرنگی پەیامی

نووسەرەوە بووە. لەڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا دیالۆگ لەبەرامبەر مۆنۆلۆگ و پرۆسە زەینییەكان پاشەكشێ دەكات، هەروەها لەڕۆمانی نوێدا زمانی دیالۆگ هەڵگری سیمای هێمایی دەبێت.

زمانی دیالۆگی كارەكتەرەكان دەگۆڕێن و لەیەكتر جیاوازن و ((هەریەكەیان جۆرە زمانێكی گونجاو لەگەڵ پێكهاتە و ڕۆشنبیری و جیهانبینیان بەكاردەهێنن))[نی]، بەجۆرێك ئەو زمانە دەبێت بەناسنامەی هزرییان. ئەم جۆرە جیاوازییەش لەژیانی ڕاستەقینەدا دەبینرێتەوە، بەحوكمی ئەوەی ڕۆمان بەنزیكترین ژانری ئەدەبی لەژیانی ڕۆژانە دادەنرێت بۆیە ئاساییە لەنێو ڕۆماندا كارەكتەرەكان جیاوازییان هەبێت لەبەكارهێنانی زماندا، ئەویش بەپێی ((جیاوازی هزری كارەكتەر و كارتێكەری ژینگەی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و چینایەتی و تەمەن دەگۆڕێت))[برتر]، لەم ڕووەیشەوە ڕەخنەگران چەند جۆرێك لەدیالۆگ جیادەكەنەوە، وەكو دیالۆگی ڕۆشنبیر، دیالۆگی عامی، دیالۆگی منداڵ.

## زمانی دیالۆگ لەڕۆمانی هێلانەدا:

دیالۆگ وەكو تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا بۆ چەند مەبەستێك بەكارهاتووە، بۆ نموونە ڕۆماننووس لەڕێی دیالۆگەوە هەواڵی كیمیابارانكردنی هەڵەبجە ئاشكرا دەكات، بۆ نموونە كاتێك كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە (سوبحان) دەچێتە سلێمانی بەمەبەستی شتكڕین، دەچێتە كەبابخانەیەكی ناسیاویان و لەگەڵ (ئەمین)ی كەبابچی دەكەوێتە گفتوگۆكردن، كارەكتەر (ئەمین) پێی دەڵێ:

- هەواڵی لای ئێوە چییە؟ وەزعتان لە چیدایە؟

ئەم وتی:

- ئاساییە.

ئەو وەك بەو دوعایە نەڵێ ئامین، سەرێكی بۆ باداو وتی:

- خوا بكەم تا سەر ئاسایی بێ.

بەدەم نانخواردنەكەیەوە، بەقسەكەدا دەچووەوە. كە هەڵسا بڕوا لێی پرسی:

- بۆچی وات وت؟.

ئەو دیسان بە دەنگی نزم، وەك بچرپێنێ وتی:

- هەڵەبجە. خۆ بیستوتە.
- بەڵێ.
- دڕندە.. كە وترا دڕندە دەبڕێتەوە. ئێمە لەم شارە زەبەلاحەدا، ترسمان لێ نیشتوە بە دەردی ئەوێ ببڕێین، چ جایە ئێوە...))(هێلانە[ترتر]: ل35)

لەم دیالۆگەدا لەڕێی ئاخاوتنی هەردوو كارەكتەرەوە ئاماژەیەكی كورت بەمەرگەساتی كیمیا بارانكردنی هەڵەبجە دەكرێت، بەبێ ئەوەی ڕوونكردنەوەی وردی لەسەر بدەن, تەنها ئەوە نەبێت كە كارەكتەرەكان وەكو شایەتحاڵ زانیاری و هەواڵیان لەسەر ڕووداوی مەرگەساتەكە بیستووە، بەواتایەكی تر ((ئەوەی ڕۆمانی هێلانە لێی دەدوێت ڕووداوەكانی ئەنفالە لەتێڕوانینی دەرەوەی ئەنفال خۆیدا, یان تێڕوانینی كەسانێكە لەژێر كاریگەری لەدەستچوونی خۆشەویست و ئازیزەكانیاندا هەست و سۆزی پڕ لەكەسەری خۆیان بەو ڕووداوە دەردەبڕن))[یرتر]، هەربۆیە ڕۆماننووس بەشێوەیەكی گشتی خۆی بەدوور دەگرێت لە بەخشینی زانیاری لەسەر ڕووداوەكانی ئەنفال, ئەمەش لەژێر كاریگەری میتۆدی ڕۆمانی نوێی فەرەنسیدا بەئەنجام گەیەنراوە, لەم میتۆدەدا ڕۆماننووس خۆی بەدوور دەگرێت لەزمانی وەسفیی ورد بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەكان، بەجۆرێك بونیادی زمان و وەسفكردنەكان ((وێنەیەكی وردی واقیعەكە ناكێشن و تاڕادەیەك تەمومژو لێڵیان پێوە دیارە))[سمتر]، ئەمەش بەمەبەستەوە دەكرێت بۆ ئەوەی ڕۆماننووس خۆی بەدوور بگرێت لەسەر سەپاندنی هەر بیروبۆچون و بیركردنەوەیەك بەسەر خوێنەر, هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەر والێبكەن خۆی بۆخۆی پرۆسەی بیركردنەوە و لێكدانەوەی زەینی بۆ باس و بەسەرهاتەكان ئەنجامبدات, یان تامەزرۆیی لەلا دروست ببێت بۆ ئەوەی لەڕێی سەرچاوەی ترەوە بەدواداچوون بۆ وردەكارییەكان بكات.

لە دیالۆگێكی تردا و لەڕێی وتووێژی نێوان هەریەك لە كارەكتەر (سوبحان) و كارەكتەر (كامەران)دا لێكدانەوەی زیاتر بۆ ڕووداوەكانی ئەنفال دەكەن، بەم شێوەیە:

**((... تۆ گوێت لە ڕاگەیەنراوەكەی بەسرپێڕێیان نەبوو، سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی بارەگاكانی سەركردایەتی لە دۆڵی جافایەتی؟ دەزانی شاڵاوی ئەم جارەیان بەچی ناوناوە؟**

- **نەء.. نەمبیستووە، بەچی؟**
- **ئەنفال.**
- **ئەنفال؟ ئەوە سورەتێكی قورئانە.**
- **ئا بەڵێ..**

**(فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم وما رميت اذ رميت ولكن الله رمى). خۆ تۆ عەرەبییەكەت باشە. تێ دەگەیت دەڵێن چی؟**

- **چاك.. ئەوان نین كە دەكوژن.. خوا دەكوژێ. ئەوان تەنیا فەرمانی خوا بەجێ دێنن.**
- **بێ كەم و زیاد.. بەرامبەر كێش؟ ئێمەی كافر(هێلانە: ل**36–37)

بەوردبوونەوە لەم بڕگەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕۆماننووس زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکان کەزمانێکی ئاسایی نزیك لەزمانی ڕۆژانە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی لەزمانی ئەوانەوە زانیاری سەبارەت بەهەندێ لایەنی ئەنفال ئاشکرا بکات.

هەندێکجار دیالۆگ وەکو پرۆسەیەکی ئاخاوتن, ئەگەر هۆکاری ترس هاتەپێشەوە وەکو قەڵغانێك بەکاردەهێنرێ بۆ فریودانی بەرامبەر، بۆ نموونە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) لەلایەن سەربازی پاسگەیەك پرسیاری ئاراستەی شوێنەکەی لێدەکرێت:

((– لەگەڵ تۆمە.. بۆ کوێ دەچیت؟

ئەوسا وتی:

- ئەڵڵایی.

ئەویش تەنیا سەرێکی ناڕەزایی لێ بادا و وتی:

- بڕۆ

ڕۆیشت و لە دڵدا بە حیرسەوە وتی:"دەوەڵڵایی درۆم کرد..." (هێلانە: ل41)

بەپێچەوانەشەوە لەئاخاوتنی نێوان دۆست و هاوڕێیاندا دیالۆگ دەربڕی دیوی ناوەوەی کارەکتەر دەبێت، بۆ نموونە کاتێك دیالۆگ لەنێوان کارەکتەر (جافر) و کارەکتەر (حەمۆل) دروست دەبێت، هەردولا ناخی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکەن:

((هیچ نەبێ وەك من بکە, سەرکز بگرەو ئەو چەکی جاشایەتییە فڕێدە. ئەو لە وەڵامیدا وتی: من وەکو تۆ ترسنۆك نیم.)) (هێلانە: ل22)

لەم بڕگەیەدا دیالۆگ نزیك دەبێتەوە لەمۆنۆلۆگ و دەبڕی جیهانی ناوەوە دەبێت، ئەم حاڵەتە لەچەندین شوێنی تری ڕۆمانەکەدا دەبینرێتەوە، بۆ نموونە پاش ئەوەی کارەکتەر (سوبحان) تانەی (جاشایەتیکردن) لە کارەکتەر (حەمۆل) دەدات، لەبەرامبەردا کارەکتەر (حەمۆل) بۆ ماوەیەك بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و دواتر ئەم دیالۆگە لەنێوانیان دروست دەبێت:

((سوبحان بەخەمخۆرییەوە وتی:

- حەمۆل چییتە لەو دەچێ ناساغ بیت. بۆ زوو قسەت نەکرد؟.

- .....

- نا سوبحان نەخێر.. بە لەش لە گوێزی ساغ ساغڵەمترم. بەڵام بە دڵ و بە دەروون بڕستم لەبەر بڕاوە. خەریکم پەتۆ دەبەم و لێ دەبمەوە. خۆم لە خۆمدا ئەوە حاڵم بوو کە هەبوو. تۆی ناموبارەکیش.. تۆی هاوڕێکەی تەمەنم.. تۆی برادەرە گیانیبەگیانییەکەم کە تاقە کەسێکم

**مابوویت دانێکی خێرم پێدا بنێی.. تۆش درێخیت نەکرد. چنگێکی باشت نایە سەر خەرمانی ئازارەکانم. سوپاست دەکەم هاورێکەی تەمەنم.. سوپاس)) (هێلانە: ل23)**

زمانی دیالۆگ لەژێر فشار و کارتێکەرییە دەرەکییەکاندا لە گۆڕانکاریدا دەبێت، بەوەی هەندێکجار ئاخاوتنەکان دەبڕی دیوی ناوەوەی قسەکەر دەبن، هەروەکچون هەندێکجاریش وەکو پەردەیەك بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەکاردەهێنرێن.

زمانی دیالۆگ لەژێر کۆنترۆڵی زەینی مرۆڤدا دەبێت، هەستی مرۆڤیش بەناڕاستەوخۆیی لەژێر هەژمونی نەستدا دەبێت، بۆیە مرۆڤ کە لەگەڵ دەوروبەردا دەدوێت بەناڕاستەوخۆیی وتەکانی لەنەستەوە سەرچاوەدەگرن، لەم ڕووەیشەوە ئەگەر لەیەکەمین دیالۆگی ڕۆمانی (هێلانە) وەردبینەوە کەتەنانەت دەستپێکی یەکەمین دەربڕینیشە لە ڕۆمانەکە پێکدێت لە گوزارشتی:

**((با بیشیاننێژین..)) (هێلانە: ل7)**

وەك لە دواتردا دەردەکەوێ ئەم ڕستەیە بەشێکە لەوتەکانی نێوان کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (سوبحان) و کارەکتەر (جافر)، کەپاش تۆڵەسەندنەوە لەچەند کاربەدەستێکی ڕژێم بەناوی (کەریمە کەللە) و (معاون نوعمان)، کارەکتەر (سوبحان) گوزارشتی (بابیشیاننێژین) دەردەبڕێ، بەڵام داواکارییەکە بەلای کارەکتەر (جافر)ەوە بەنامۆیی تەماشادەکرێ و ڕەتدەکرێتەوەو لە ئەنجامدا کارەکتەر (سوبحان) ڕوونکردنەوە بە کارەکتەر (جافر) دەدات و دەڵێت:

**((منم کە ئاسودە دەبم و دڵم دەحەوێتەوە. منی زیندوو نەك ئەوانی تۆپیو.....)) (هێلانە: ل8)**

وتەکانی کارەکتەر (سوبحان) وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەنەستەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە گوزارشت لەنەستی ڕۆماننووس دەکات، چونکە (سوبحان) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەڵبژاردەی یەکەمی ڕۆماننووسە، بۆیە ئەم وتەیە زادەی بیری ڕۆماننووسە و هەڵقوڵاوی نەستییەتی، ڕۆماننوسیش پەروەردەی نێو کۆمەڵی کوردەوارییە و دیسانەوە ئەو بیرۆکەیەی لەنەستی گشتی کۆمەڵەوە وەرگرتووە، بەوەی ئەو دەربڕینە بریتی دەبێت لەبیرکردنەوەی نیمچەڕەهای تاکی کۆمەڵی کوردەواری، مەبەستیش لەمنی زیندوو بریتییە لەزیندوویێتی ویژدان و زاڵبوونی هەستی مرۆڤانەیە بۆ بەخشین و لێبووردەیی، کە بەشێکە لەسروشتی تاکی کوردی.

**باسی دووەم/ زمانی گێڕەرەوە:**

گێڕەرەوە دەنگێکە یان کۆمەڵە دەنگێکن و لەڕێیانەوە لەچوارچێوەی ڕۆماندا باس و ڕووداوەکان ئاراستەی خوێنەر دەکرێنەوە. بۆ گەیاندنی زانیارییەکان ڕۆماننووس کۆمەڵێك تەکنیك و شێوازی

جۆربەجۆری لەبەردەستدا دەبێت, کامەیان بەگونجاو بزانێت بۆ ئاشکراکردنی جیهانی ڕۆمانەکەی پشتی پێدەبەستێت. گێڕەرەوە جێنشین و زمانحاڵی ڕۆماننووسە, هەندێکجار ڕۆماننووس ڕۆڵی حیکایەتخوانی دەگێڕێ یاخود کارەکتەرێك یان چەند کارەکتەرێك بۆ ئەو کارە ڕادەسپێرێت، هەروەها دەتوانێت دەنگی خۆی و کارەکتەرەکان ئاوێتەی یەکتر بکات, لەهەموو بارەکاندا گێڕانەوە و ڕۆڵی گێڕەرەوە کارێکی هونەرییە و ڕۆماننوس هەر شێوازێك بەپەسەند و گونجاو بزانێت پەیڕەوی دەکات، هەربۆیە زۆرجار ڕەخنەگران دووپات لەسەر شێواز وچۆنێتی گێڕانەوەدەکەنەوە، بەوەی سەرکەوتنی ڕۆماننوس یان هەر نووسەرێك بە چۆنێتی مەزراندنی زمانەوە بەندە ، بەواتایەکی تر کاری ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی مامەڵەی تایبەت و جیاوازە لەگەڵ زمان, ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین ((هەر بابەتێك یان هەر ناوەڕۆکێك دەشێ بەزۆر شێواز بگێردرێتەوە))[]، ئەم فرەشێوازیەش پەیوەندی بەجیاوازی شێواز و جیهانبینییەوە هەیە، واتە شێوازی تاکەکانی ناو کۆمەڵ لەیەك جیاوازن هەروەکو ڕەخنەگرو نووسەری فەرەنسی (جۆن بۆفۆن) لەوتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: ((شێواز خودی مرۆڤە))[] دیارە (بۆفۆن) لێرەدا مەبەستی لە شێوازی نووسینە، هەروەها پێی وایە کەسێتی مرۆۆ لەنووسینەوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

## زمانی گێڕەرەوە لەڕۆمانی (هێلانە)دا

لەڕۆمانی (هێلانە)دا گێڕانەوەکان لەڕێی دەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە پێشکەش دەکرێ، کە گێڕەرەوەیەکی بابەتییە و لەدەرەوەی جیهانی ڕۆمانەکەوە لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری نادیارەوە باس و بەسەرهاتەکان پێشکەشدەکات. زمانی گێڕەرەوە لەڕۆمانی (هێلانە)دا خاوەن بونیادێکی تۆکمە و ئەدەبییە, بۆ نموونە کاتێك گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس شەپۆلە زەینییەکانی (سوبحان) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە پێشکەشدەکات, بەزمانێکی ئەدەبی باری کارەکتەری سەرەکی دەکێشێت و دەڵێت:

**... جگەرەیەکی ئاگردا و یەکەم مژی لێ دا. بەڵام ئەم یەکەم مژەی ئێستا, بەپێچەوانەی ئەو جارانەوە, مژدانە لە ئەشکەنجەیەکی جەرگبڕی لە بننەهاتوو.. لە جەخارێکی هەناوقرچێنی بێ بڕانەوە. مژێك کە دەروون دەکاتە کوانووی جۆشدانی, ڕستێك بیرەوەری کورچکبڕ. ئەگەرچی ئەم یەکەم مژە بەدەم و لێو, لە جگەرەکەی نێوان پەنجەکانی دەدا و بەچاو, بینایی بەسەر کەلاوەکەی سوبحانی خاپوردا دەگێڕێ, بەڵام بەبیر و هۆش بەخێرایی تیشك, بەزنجیرەی کارەساتەکاندا دەچێتەوە(هێلانە: ل9)**

لەم بڕگەیەدا گێڕەرەوە لەدوو ئاستدا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، ئاستی یەکەم زمانێکی پەخشانئامێزە و بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری سەبارەت بەباس بەسەرهاتەکان بەکاربراوە. ئاستی دووەم زمانی وەسفکردنە لەڕێی بەکاربردنی زمانی شیعرییەوە ئەنجامدراوە بەمەبەستی وێناکردنی زەین و

دیوی ناوەوەی کارەکتەر، ئەویش لەڕێی کۆمەڵێك دەستەواژەوە: (**مژدانە لە ئەشکەنجەیەکی جەرگبڕی لە بنەهاتوو، لە جەخارێکی هەناوقرچێنی بێ بڕانەوە، مژێك کە دەروون دەکاتە کوانووی جۆشدانی، رستێك بیرەوەری کورچکبڕ**). ئەم زمانە لەوەسفی ئاسایی دوور کەوتۆتەوە، تەنانەت بەهۆی هونەری ڕەوانبێژییەوە لێکچواندن لەنێوان (دەروونی کارەکتەر) و (کوانووی جۆشدراو) دەروستدەکات ((لەبواری وەسفدا دەبێ ڕۆماننووس ڕەچاوی بەکارهێنانی چەند لایەنێکی ڕەوانبێژی بکات لە بینای وێنە هونەریەکانی نێو ڕۆمانەکەی بۆ ئەوەی ئەو وێنانە زۆر ساکار و فۆتۆگرافیانە نەبێ))، چونکە ڕاستە ڕۆمان بەزمانی پەخشان دەنووسرێتەوە بەڵام ڕۆماننووس مێژوومان بۆ ناگێڕێتەوە بەڵکو کارێکی هونەریی ئەدەبی فەراهەمدەکات کە واقیع بەشێك دەبێت لەسەرچاوەکەی.

بەئەدەبکردن یان شیعرییەت لەبونیادی زمانی گێڕانەوەدا بەتایبەتیش لەزمانی گێڕەڕەوەدا لەبەشێکی فراوانی ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێت، بۆنموونە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) تانەی (جاشایەتیکردن) بەڕووی کارەکتەر (حەمۆل) دەدات، ئەوا زمانی گێڕەڕەوە دیمەنی کارەکتەر (حەمۆل) بەم شێوەیە نمایش دەکات و دەڵێت:

**((دیسان بەلاچاو دزە سەرنجێکی دایە. بەسەر تەختانی جامللغەکەوە, بووبووە پەیکەرێکی بەردین. کپ و خامۆش دەیڕوانییە دوورێکی نادیار.)) (هێلانە: ل22)**

لەم بڕگەیەدا گێڕەرەوە وەسفی دیوی دەرەوەی کارەکتەر سوبحان دەکات و دەیچوێنێ بە پەیکەر، بەڵام وەك ئاماژەیەك بۆ باری دەروونی کارەکتەر لەبێدەنگی و ماتی. دیسان لە نموونەیەکی دیکەدا دوای شاڵاوی ئەنفالکردنی لادێکەیان باری دەروونی هەردوو کارەکتەر (سوبحان) و کارەکتەر (جافر) وەسفدەکات و دەڵێت:

**((شەوەکەی بۆ سوبحان و جافر، شەوێکی دەیجوور بوو. لە حاڵی کەسێکدا بوون لە دواساتدا، لە هەڵدێری مەرگ گلیان خواردبێتەوە، ... لە کاتێکدا ئازیزترین کەسانیان، ڕاپێچی تونی بابا کرابن، یا درابن بەدەم ئاوی ئامونەوە)) (هێلانە: ل85)**

گێڕەرەوە لەڕێی زمانێکی هونەری و بەبەکارهێنانی هەندێ زاراوەی ئەدەبی و مێژوویی (**دەیجوور، هەڵدێری مەرگ, تونی بابا**، **ئاوی ئامون**)ەوە وەسفی کات و باری دەروونی کارەکتەرەکان و چارەنووسی نادیاری ئازیزەکانیان دەکات، بەم جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان وای کردووە زمانی گێڕەرەوە دوور بکەوێتەوە لەزمانی ڕاپۆرت ئاسا، لەم ڕووەوە بەشێك لەڕەخنەگران پێیان وایە ((پێویستە ڕۆماننووس لەڕێی زمانەوە لەوێنەگرتنی ڕاستەوخۆ دووربکەوێتەوە))، چونکە ڕۆماننووس مێژوو نانووسێتەوە.

زمانی گێڕەرەوە لەڕۆمانی (هێلانە)دا بەشێوەیەكی بەرفراوان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لەزمانی كارەكتەرەكان جیادەبێتەوە، ئەویش بەپشت بەستن بەجوانكاری ئەدەبی. هەروەها بەگێڕەرەوە/ ڕۆماننووس خاوەنی زانیاری سنووردارە بەتایبەتی لەدركاندنی باس و بەسەرهاتەكانی شاڵاوی ئەنفالدا، لەم ڕووەیشەوە زیاتر زانیاری كارەكتەرەكان دەخاتەڕوو, ئەمەش وا لەخوێنەر دەكات چالاك بێت بۆ ئەوەی تێڕامان و بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بەمەرگەساتەكە بكات.

## تەوەری دووەم/ زمان لەئاستی پێش ئاخاوتندا:

مەبەست لەئاستی پێش ئاخاوتن ئەوەیە كەهێشتا بیر و چەمكەكان نەخراونەتە سەر باری ڕێكخستنی زمان، بەڵكو لەشێوەی وێنە و بیرۆكە لەناو زەیندان، بەواتایەكی تر ئەوەی لەناو زەینی كارەكتەردایە ((پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ ئاستی ئاخاوتنی بیستراو بۆ پەیوەندیكردن، سەرەتا پێویستە لەهەستدا بخەملێ و بە قۆناغی ڕێكخستن تێپەڕێ پێش ئەوەی بۆ بوون دەرببڕێت))[تحتر], ئەم ئاستە دەكەوێتە ژێر كۆنترۆڵی كارەكتەر و دوورە لەهەر فشارێكی دەرەكی لەترس و دڵەڕاوكێ و شەرم یان هەر حاڵەتێك كەپەیوەست بێت بەجیهانی دەرەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین لەڕێی هەردوو تەكنیكی (مۆنۆلۆگ) و (فلاشباك)ەوە تیشك بخەینە سەر بونیادی زمانی كارەكتەر لە ڕۆمان بەشێوەیەكی گشتی و ڕۆمانی (هێلانە) بەشێوەیەكی تایبەت.

### باسی یەكەم/ زمانی مۆنۆلۆگ:

مەبەست لەمۆنۆلۆگ ئەو وتووێژە تایبەتەیە كە لەزەینی كارەكتەردا لەنێوان خۆی و دەروونی خۆیدا ئەنجامی دەدات، نووسەری فەرەنسی (ئیدوارد دوجاردن) دەڵێت مۆنۆلۆگ ((ئاخاوتنێكی دەرنەبڕاوە كارەكتەر لەڕێیەوە گوزارشت لەبیرە تایبەتییەكانی نزیك لەنەستی پێدەكات))[تخر], واتە ئەو وتانەی لەڕێی مۆنۆلۆگەوە پێشكەشدەكرێن هەڵقوڵاوی ناو دەروونی كارەكتەرن و بەبێ هیچ جۆرە فشارێك گوزارشت لەدیوی ڕاستەقینەی كارەكتەر بەرامبەر بە جیهانی دەرەكیدا دەكەن، مۆنۆلۆگ تەكنیكێكی گێڕانەوەیە و ڕۆماننووس پشتی پێدەبەستێت و لەڕێیەوە ((كارەكتەر دەروونی خۆی ئاشكرا دەكات و نهێنییەكانی بە زمانێكی جیاواز پێشكەش دەكات))[ببرير], واتە مۆنۆلۆگ خاوەن زمانی تایبەتە، چونكە تاكەكان هەر لەڕەسەندا جیاوازن, هەروەها بەو پێیەی مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆ قسەكردنە, بۆیە زمانەكەشی جیاوازە، چونكە ئەو بیرۆكانە لەزەینی مرۆڤدا لەشێوەی وێنەی هەستی دەردەكەون نەك وێنەی زمانی, واتا ((وێنا دەروونییەكان و هەستییەكان و چەندلایەنێكی بیر بۆ خۆیان نازمانین، كەواتە نووسەر ئەو توخمانە تەنیا لەڕێی گۆڕینیانەوە بۆ جۆرێك هاوتای زمانی ئاراستە دەكات))[ترير], بەم شێوەیە ڕۆماننووس زمان

دەبەخشێت بەو وێنە هەستییانەی کە لەزەینی کارەکتەردا بەرامبەر بەکارتێکەرە دەرەکییەکان شەپۆل دەدەن بۆ ئەوەی خوێنەر لەپرۆسە زەینییەکانی کارەکتەر ئاگاداربکاتەوە, لەم ڕووەیشەوە (ئیدوارد دی جاردان) دەڵێت: ((مۆنۆلۆگ ئامرازیکە بۆ ئەوەی خوێنەر بەراستەوخۆیی ببرێتە ژیانی ناوەوەی کارەکتەر)), کە ژیانێکی شاراوە و نهێنییە، بۆیە بەشێك لەڕۆماننووسان هەوڵدەدەن مۆنۆلۆگ لەڕێی جۆرە زمانێکی جیاواز و ناڕێکخراو وەك ئاماژەیەك بۆ زمانی ناوەوەی کارەکتەر پێشکەشبکەن، چونکە دیوی ناوەوە یان ((هەست زمانی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لەزمانی دەرەوەی هەست))[سمير]، بەوەی زمانی دەرەوەی هەست کەزیاتر خۆی لەدیالۆگ دەبینێتەوە زمانێکی ڕێکخراو و تۆکمەیە.

## زمانی مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی ( هێلانە )دا :

مۆنۆلۆگ بەیەکێك لەگرنگترین تەکنیکەکانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش دادەنرێت کە باس و بەسەرهاتەکانی ڕۆمان لەڕوانگەی جیهانی ناوەوە (زەین)ی کارەکتەر پێشکەشدەکات. (حسەین عارف) لەڕۆمانی (هیلانە)دا جیهانی ڕۆمانەکەی لەڕوانگەی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە (سوبحان) پێشکەشدەکات، لەم ڕووەیشەوە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) دەچێتە سەر گاشەبەردێك لەبەرامبەر دێیەکەیان و جگەرەیەك دادەگیرسێنێ ئیتر: ((**رستێك بیرەوەری گورچکبڕ. .... بەبیر و هۆش بە خێرایی تیشك، بەزنجیرەی کارەساتەکاندا دەچێتەوە**))(**ڕۆمانی هێلانە:ل9**). لەم نێوەندەدا گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس لەڕێی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەر (سوبحان)ەوە ڕووداوەکانی شالآوی ئەنفال دەگێڕێتەوە بەپشت بەستن بە کۆمەڵێك تەکنیك لەنێویاندا (مۆنۆلۆگ). ڕۆماننووس بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ بەستووە, لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ((نووسەر خۆی لەزمان ناخی شەخسیەتەکەوە دەدوێ و شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی دەروونی و ئەگەرچی زۆر بەوردی و لەنزیکەوە ڕازو نیازو خواست و شتە نهێنییە حەشاردراوەکانی لەڕوودەخا، بەڵام خوێنەر هەست بەوجودی خۆی و نووسەر دەکاو کەم و زۆر لێی بەئاگایە))، هەروەها لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی نادیارەوە مۆنۆلۆگەکان پێشکەش دەکات. بۆ نموونە کاتێك کارەکتەر (سوبحان) لێکدانەوە بۆ ڕەفتار و کردەوەکانی کارەکتەر (حەمۆل) کە پیشەی (جاشایەتیکردن)ە دەکات, سەبارەت بەداواکردنی خوشکەکەی کارەکتەر (جافر)، لەم ڕووەوە ئەم مۆنۆلۆگەی لەلا دروست دەبێت:

**((پرسیارێکی ناو مێشکی سەری هەڵدایەوە.."وەڵلاهی ئەم حەمۆلە بێتو نهێنییەکی لەژێر سەردایە! وازنەهێنانی لەو جاشایەتییە لەخۆڕایی نییە. ئەو سوور دەزانێ بەوازهێنانی، کارەکەی مەیسەر دەبێ و نایکا.. بۆچی؟ ئەم ماستە مویەکی تێدایە"(هێلانە: ل29)**

لەم بڕگەیەدا کارەکتەر (سوبحان) لەڕێی ئەو وتانەی کە ئاراستەی خودی خۆی دەکاتەوە سەرسوڕمان و گومانی لەلادروست دەبێت، بەرامبەر بەهەڵویستی کارەکتەر (حەمۆل) بەوەی دەستبەرداری (جاشایەتی) نابێتەوە کەبووە بەڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەو ئافرەتەی کەخۆشی دەوێت، بۆیە زمانی مۆنۆلۆگ ئاوێتەدەبێت لەگومان و پرسیاردروستکردن لەزەینی کارەکتەر وەك ئاماژەیەك بۆ گومانەکانی، ئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزایی ڕۆماننووس (حسەین عارف)، بەوەی گومانەکە بۆ زەینی خوێنەر بگوێزێتەوە و چالاکی بکاتەوە بۆ ئەوەی بیر لەبابەتەکە بکاتەوە.

لە نموونەیەکی تری مۆنۆلۆگدا دوابەدوای ئەوەی کارەکتەر (سوبحان) بۆ ماوەیەك لەگەڵ کارەکتەر (حەمۆل)ی هاوڕێی پێکەوەدەبن و دواتر (سوبحان) ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات، لەوێ بۆی ڕووندەبێتەوە کەشاڵاوی ئەنفال دەستی پێکردووە، بۆیە ئەم زانیارییە نوێیە تەداعی (حەمۆل)ی هاوڕێی دەکات، بەم شێوەیە:

**((لەناکاو حەمۆلی بەبیر هاتەوە. وتی"ئەو قورمساغە بۆچی هیچی بۆ نەدرکاندم؟ خۆ ئەو دەبێ ئاگاداربێ ..... نا نەخێر.. کە وترا جاش ئیتر پێی ناوێ.. چاوەڕوانی چ مەردایەتییەك لە جاش دەکرێ"(هێلانە: ل35)**

لەم مۆنۆلۆگەدا لەڕێی کۆمەڵێك ڕستەی کورت و پرسیارئامێزدا گومان و دڵەڕاوکێی کارەکتەر (سوبحان) بەرامبەر بەهاوڕێکەی دەخاتەڕوو، وەك ئاماژەیەك بۆ باری دەروونی (سوبحان) کەبەلێشاو پرسیاری گۆماناوی لەناو زەینیدا شەپۆل دەدەن.

هەروەها کارەکتەر (سوبحان) کاتێك زانیای دەربارەی شاڵاوی ئەنفال دەبیستێت خێرا بەرەو گوندەکەیان بەرێدەکەوێت و لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکەوێتە ئاخاوتن:

**"چێشتەنگاوێکی زوو زوو دەگەمە جێ. غوربەت دەحەپەسێ. بە پەلە کورتەیەکی بۆ باس دەکەم و دەڵێم خۆت ئامادەکە دەچین بۆ.. نا.. نا.. وانەکەم باشە. جارێ هیچ بۆ ئەو باس ناکەم. دەچم باوکم تێ دەگەیەنم......" (هێلانە: ل40)**

لەم مۆنۆلۆگەدا گێڕەرەوە لەڕێی ڕستەو پەیڤە کورتەکانەوە دەیەوێ ئەو بیرۆکە و وێنانەی ناو زەینی کارەکتەر (سوبحان) بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە کەلەبارێکی دەروونی نائارامدایە، بەجۆرێك لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێ و لەهەمان کاتدا کەسی سێیەم (غوربەت) دەهێنێتە ناو خۆدواندنەکەوە و پاشان لەپڕ پچڕاندن ئەنجامدەدات و کەسێکی دیکە دەدوێنێ (باوکم). ئەم مۆنۆلۆگە یەکێکە لە مۆنۆلۆگە دوورو

درێژەکانی ناو ڕۆمانەکە, کە لەشێوەی پێشبینیکردنێك بۆ ئاینده لەزەینی کارەکتەر دروست دەبێت و هۆکارەکەشی ترسه و دڵڕاوکێیه، بۆیه دەبینین ئامرازی نەرێکردن بەشێوەیەکی بەرفراوان لەمۆنۆلۆگەکەدا دەربڕاوە.

پرسیارکردن لەخود لەڕێی ڕستەی کورتەوە, یەکێکە لەو شێوازانەی کەزمانی مۆنۆلۆگی تێیدا بونیادنراوەو لەڕێیەوە باری نائارامی دەروونی و شەپۆلە زەینییەکانی کارەکتەر بۆ خوێنەر نمایشدەکرێت, ئەم شێوازەش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، وەکو:

**"بە چ حالێکەوە بتوانم چاو لێك بنێم؟ لە خۆشیی سەرنگومبوونی غوربەت و بنار و چنار؟ دایك و باوك و کەسوکار؟ خەڵکی گوند؟ بە چ حاڵێکەوە؟"(هێلانە: ل86)**

بەهەمانشێوە کاتێ کارەکتەر (جافر) دەچێ بۆ سوراغکردنی کاسوکارەکەی و کاغەزێك بۆ کارەکتەر (سوبحان) بەجێدەهێڵێت، ئەوا کارەکتەر سوبحان مۆنۆلۆگێکی لەلا دروست دەبێت، وەك لە لاپەڕە (125)ی رۆمانی هێلانەدا هاتووە.

## باس دووەم/ زمانی فلاشباك:

مەبەست لەفلاشباك ئەوەیە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردووی نزیك یاخود دوور، ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی باس و بەسەرهاتەکان لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا ڕادەگیرێت, بەجۆرێك ((گێڕەرەوە دەستبەرداری ڕێڕەوی چیرۆکی سەرەکی دەبێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەندێك ڕووداوی ڕابردوو)) بۆ باسکردنی ئەو باس و ڕووداوانەی کە بەگرنگیان دەزانێ, وەك ئەوەی تۆماشفسکی ناویلێناوە: فلاشباك پێشکەشکردنێکی دواخراوە، هەروەها هەندێکجار فلاشباك بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت کە لەڕێیەوە تیشك بخرێتە سەر باس و بابەتە هەنووکەییەکانی جیهانی ڕۆمانەکە.

زمانی فلاشباك بەپێی شێوازی فلاشباکەکە دەگۆڕێ, هەندێکجار ڕۆماننووس لەڕێی دەنگی ئاشکرای گێڕەرەوە فلاشباك پێشکەشدەکات, هەروەها لەهەندێ حاڵەتدا لەڕێی زەین و یادەوەرییەکانی کارەکتەرەوە ئەم پرۆسەیە بەشێوەی تەداعی پێشکەشدەکات، مەبەست لەتەداعی ((ئەوەیە جڵەو بدرێ بەدەست زەینەوە خۆی بۆ خۆی هەڵرێژێ... واتە هەموو بیرۆکەیەك بیرۆکەیەکی ترت دەداتێ))، یاخود فلاشباك هەندێکجار لەڕێی هەستەکانی کارەکتەرەوە پێشکەشدەکرێت ((ئەمەش وەکو ئەوەیە بەبۆنێك بۆنێکی ترت بێتەوە یان دەنگی کەسێك یان شتێك دەنگی کەس و شتی ترت وەبیربخاتەوە کە پێشتر ئاشنایەتیت لەگەڵدا هەبووە))، هەربۆیە لەم بارەدا زمان ئاوێتەی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەر دەبێت

و تێیدا ڕابردوو و ئێستا ئاوێتە دەبن, واتە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو لەگەڵ ئێستای گێڕانەوەدا تێکەڵ دەبن.

## زمانی فلاشباك لەڕۆمانی هێلانەدا

زەمەنی دەرەکی یان فیزیکی لەڕۆمانی هێلانە ((بریتییە لە چەند خولەکێك، کاتێك کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لەسەر گاشەبەردێك بەرامبەر بە دێکەیان دادەنیشێ و جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و تاوەکو دوا مژی جگەرەکەی هەموو یادەوەرییەکانی لە ڕێی زەینەوە هەڵدەڕێژێت))[۲۳], لەبەرامبەردا زەمەنی ناوەکی، یان دەروونی لەڕۆمانەکەدا پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە، هەربۆیە فلاشباك بەشێوەیەکی فراوان لەڕۆمانەکەدا دەبینرێتەوە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی گێڕانەوەکان لەڕێی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە پێشکەش کراوە، هەربۆیە لەپرۆسەی نمایشکردنی فلاشباکەکاندا زمانی گێڕەڕەوە/ ڕۆماننووس دەبیسترێت نەك کارەکتەرەکان, بۆ نموونە کاتێك (سوبحان) پاش تۆڵەسەندنەوە لە کارەکتەر (معاون نوعمان) و کارەکتەر (کەریم کەللە) لەسەر گاشەبەردیك لەملەیەکی بەرامبەر دێکەیان دادەنیشێت, هەربۆیە بیرەوەرییەکان زەینی (سوبحان) بەرەو ڕابردوو دەبنەوە، بەم شێوەیە:

**((هەموو جار کە بەخۆی و تراکتۆرەکەیەوە دەگەیشتە ئاستی، ڕای دەگرت و بازدی دەدایە خوارەوە. دەچوو دادەنیشت و پاڵی دەدایەوە. جگەرەیەکی دادەگیرساند و بەدەم مژلێدانییەوە. بەئاوایی و دەوروبەریدا هەڵیدەڕوانی. ماڵ بەماڵی....)) (هێلانە: ل9)**

ئەم فلاشباکە بریتییە لەبیرەوەریەکانی کارەکتەر (سوبحان) بەڵام لەڕێی دەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە نمایش دەکرێت بەبەکارهێنانی زمانی تۆکمە و ئاسایی بەمەبەستی گەیاندنی هەندێك زانیاری دەربارەی ژیانی کارەکتەر و زێد و دەوروبەرەکەی.

هەروەها فلاشباك لەڕۆمانەکەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاشکراکردنی بەشێك لەو دیالۆگانەی کە لەڕابردوودا لەنێوان کارەکتەرەکاندا ئەنجامدراون، بۆ نموونە کاتێك کارەکتەری سەرەکی (سوبحان) بڕیاردەدات تاوەکو دۆخی مەترسیداری شاڵاوی ئەنفال تێدەپەڕێ خێزانەکەی لەلادێکەیانەوە بۆ شاری سلێمانی ببات، ئەم بڕیارەش بیرەوەری (سوبحان) بۆ ڕابردوو ڕاپێچدەکات، بەم شێوەیە:

**((بەیانییەکەی بۆچی هات و ئێستا بۆچی دەشکێتەوە. شکاندنەوەکە گەڕاندییەوە بۆ ساڵانێکی پێشتر.. بۆ گفتوگۆیەکی لەگەڵ دلێردا..... "ئاخر باشە پێم بڵێ: ژیانی ناو ئەو کوێرەدێیە چ لەزەتێکی تێدایە؟ بۆ نایەیتە شارە حەیاتەکە؟.....))(هێلانە: ل38)**

ئەم فلاشباکە زادەی بیر و هۆشی کارەکتەر (سوبحان)ە و بریتییە لەدیالۆگی نێوان خۆی و کارەکتەر (دلێر) کەپێش چەند ساڵێك ئەنجامدراوە، بەڵام لەڕێی زمانی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە بەشێوەی تەداعی پێشکەشکراوە.

زمانی فلاشباك لەڕۆمانی (هێلانە)دا تاڕادەیەکی فراوان لەڕێی بونیادێکی سادەوە پێشکەشکراون, چونکە زیاتر مەبەست لەو بڕگانە بەرچاوڕوونی و بەخشینی زانیارییە لەسەر ڕابردوو، یاخود ڕوونکردنەوەی بابەتە هەنووکەییەکانن.

## ئــــەنجــــــــــام

- زمانی گێڕانەوە لەڕۆمانی هێلانەدا خاوەن بونیادێکی هونەریی و واتاییە، بەجۆریك زمان لەڕێی دەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووسەوە بەدوو ئاست پێشەکەشکراوە، ئەوانیش ئاستی (جوانکاری) و ئاستی (پەیامگەیاندن)ن.
- گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکان دەکات بەپردێك بۆ گەیاندنی زانیاری سنووردار لەسەر باس و بەسەرهاتەکانی مەرگەساتی ئەنفال بەپێی ئاگایی کارەکتەرەکان, دواتریش گەیاندنیان بەخوێنەر.
- پێکهاتەی ڕۆمانەکە پشتبەست بەدەنگی گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس و لەڕێی پرۆسە زەینییەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە پێشکەشکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆماننووس سوودی لەزمانی مۆنۆلۆگ و دیالۆگ و فلاشباك بینیوە.
- زمانی مۆنۆلۆگ لەڕۆمانی (هێلانە)دا خاوەن تایبەتمەندی خودییە و گوزارشتە لەئاستی پێش قسەکردنی ناو زەینی کارەکتەر، لەم بوارەشدا ڕۆماننووس دەستڕەنگینی و شارەزایی خۆی لە بونیادی زمانی مۆنۆلۆگ نواندووە، بەمەش ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشەوە.

## پەراوێز


1- آمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق, دار الحوار للنشر والتوزيع, سورية-لاذقية, 1997، ص27.

2- سەرچاوەی پێشوو، ل27.

3– **ديار فايەق مەجيد، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا بەدیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست** (1972–2002), **تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی**، 2013، ل67

4– **نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی**، 2001، ل82.

5- تغريد عبدالخالق هادي، الحوار في الرواية العراقية 1965-1980، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000، ص58.

6- فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999، ص40.

7– **جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لەڕۆمانی كوردیی كرمانجی خوارووداا** (1991ز–2003ز)، **تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی**، 2010، ل7.

8– **د. نەجم خالد ئەڵوەنی، تەكنیكی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتەچیرۆكی كوردیدا، چاپخانەی ئەرەبخا، كەركوك**، 2006، ل11.

9- د.الصادق قسومة, الحوارخلفياته وآلياته وقضاياه, مسكيلياني للنشر، تونس، 2009، ص40.

10- تغريد عبدالخالق هادي, الحوار في الرواية العراقية (1965-1980)، ص94

11– **حسەین عارف, ڕۆمانی هێلانە كۆی بەرهەمەكانی 4, دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر**، 2011.

12– **عەتا قەرەداخی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی** 2003، ل188.

13– **دیار فایەق مەجید، بونیاتی وەسف لە رۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا, نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد, زانكۆی بەغدا**, 2008، ل28.

14– **د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر**، 2005، ل83.

15- جورج بوفون، الاسلوب، ، ترجمة: د. احمد درويش: النص البلاغي في الترث العربي والاوربي، دار غريب للطباعة، القاهرة، 1998، ص188.

16– **عادل مەجید محەمەد گەرمیانی ـ ریالیزم لە رۆمانی كوردی هاوچەرخ دا، نامەی ماستەر, كۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد, زانكۆی بەغدا**, 1996، ل70.

17- عبدالامير مطر فيلي الساعدي، الوصف في الرواية العراقية دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف (1937 – 1990)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000، ص39

18- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة دراسة اسلوبية، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت، 1993، ص78

19- د. لطيف زيتوني ، معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ـ انكليزي ـ فرنسي)، دار النهار للنشر، بيروت، 2002، ص63

20- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة ، ص24

21– **بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیكارانەی زاراوەی ئەدەبی** (**ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی**) **كوردی–ئینگلیزی، دەزگای ئاراس، هەولێر**، 2004، ل124

22- آمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق ، ص76.

23- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة ، 48

24– **حسێن عارف، شێوەكانی تەكنیك لە چیرۆكی دوای ساڵانی** 1970 **دا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ** (63)، 1977، ل14.

25- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة، 1984، ص40

26- د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، 1985، ص98.

27- د. الأخضر بن السايح، سطوة المكان وشعرية القص في رواية ذاكرة الجسد – دراسة في تقنيات السرد، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، بيروت، 2010، ص13.

28– ئەردەڵان شوكر سابیر، تەكنیكی گێڕانەوە لەڕۆمانە شیعرییەكانی (شێركۆ بێكەس)دا، نامەی ماستەی, كۆلێجی زمان, زانكۆی سەلاحەدین, 2009, ل120.

29– دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا، ل124

## لیستی سەرچاوەكان

### كتێب

#### یەكەم/ كوردی:


1– حسەین عارف, ڕۆمانی هێلانە كۆی بەرهەمەكانی 4, دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2011.

2– عەتا قەرەداخی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003.

3– د. نەجم خالد ئەلوەنی، تەكنیكی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتەچیرۆكی كوردیدا، چاپخانەی ئەرەبخا، كەركوك، 2006.

4– نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2001.


#### دووەم/عەرەبی:


5- د. احمد درويش، النص البلاغي في الترث العربي والاوربي، دار غريب للطباعة، القاهرة، 1998.

6- الأخضر بن السايح، سطوة المكان وشعرية القص في رواية ذاكرة الجسد – دراسة في تقنيات السرد، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، بيروت، 2010.

7- آمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق, دار الحوار للنشر والتوزيع, سورية-لاذقية, 1997.

8- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، قاهرة، 1984.

9- د. الصادق قسومة, الحوارخلفياته وآلياته وقضاياه, مسكيلياني للنشر، تونس، 2009.

10- فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999.

11- د. محمود غنايم، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة دراسة اسلوبية، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت، 1993.


### توێژینەوەی ئەكادیمی

#### یەكەم/ كوردی:


12– جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لەڕۆمانی كوردیی كرمانجی خوارووداـ (1991ز–2003ز)، تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی، 2010.

13- دیار فایەق مەجید، بونیاتی وەسف لە رۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا, نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد, زانكۆی بەغدا, 2008.

14- دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لەڕۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا بەدیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست (1972-2002), تێزی دكتۆرا، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی، 2013.

15- عادل مەجید محەمەد گەرمیانی - ریالیزم لە رۆمانی كوردی هاوچەرخ دا، نامەی ماستەر, كۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد, زانكۆی بەغدا, 1996.

17-ئەردەڵان شوكر سابیر، تەكنیكی گێڕانەوە لەڕۆمانە شیعرییەكانی (شێركۆ بێكەس)دا، نامەی ماستەی, كۆلێجی زمان, زانكۆی سەلاحەدین, 2009.

**دووەم/عەرەبی:**

18- تغريد عبدالخالق هادي، الحوار في الرواية العراقية 1965-1980، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000.

19- عبدالامير مطر فيلي الساعدي، الوصف في الرواية العراقية دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف (1937 – 1990)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2000.

**فەرهەنگ**

**یەكەم/ كوردی:**

20- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، فەرهەنگی شیكارانەی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی) كوردی-ئینگلیزی ، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004.

21- د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2005.

**دووەم/ عەرەبی:**

22- د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، 1985.

23- د. لطيف زيتوني ، معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ـ انكليزي ـ فرنسي)، دار النهار للنشر، بيروت، 2002.

**گۆڤار:**

24- حسێن عارف، شێوەكانی تەكنیك لە چیرۆكی دوای ساڵانی 1970 دا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ (63)، 1977.

**کورتەی لێکۆڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە کەناونیشانی (بونیادی زمان لەگێڕانەوەی مەرگەساتی ئەنفال لەڕۆمانی (هێلانە)ی (حسێن عارف)دا)یە، هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پراکتیکی بونیادی زمان لەهەریەك لەتەکنیکەکانی: (گێڕەرەوە، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، فلاشباك) لەڕۆمانی هێلانەدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. پلانی لێکۆڵینەوەکە لەپێشەکی و دەروازە و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە:**

**لەدەروازەدا لەڕووی تیورییەوە باس لەچەمکی زمانی گێڕانەوە و ئاستەکانی زمانی گێڕانەوە کراوە. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ دەستنیشان کردنی بونیادی زمانی گێڕەرەوە و دیالۆگ لەڕۆمانی هێلانەدا. تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ دەستنیشان کردنی بونیادی زمانی مۆنۆلۆگ و فلاشباك لەڕۆمانی هێلانەدا. لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو کەلێکۆڵینەوەکە بەدەستی هێناون.**

**ملخص البحث**

ان هذا البحث الموسوم ( بناء اللغة في سرد فاجعة انفال في رواية (هيلانه) لروائي حسين عارف) يسعى من خلاله الباحثان الى دراسة موضوع بناء اللغة في رواية (هيلانه) بصورة تطبيقية وذلك من خلال تكنيكات (الراوي، حوار الخارجي، حوار الداخلي وارسترجاع الفني). وقد تم تقسيم البحث الى مقدمة، مدخل ومبحثين، و اضافة الى النتائج التى توصل اليها الباحثان. ففي المدخل عرضت مفهوم لغة السرد ومستوياتها بشكل نظري ، اما في المبحث الاول فقد تم تخصيصه لبناء لغة الراوي و الحوار الخارجي في رواية (هيلانه)، وفي المبحث الثاني تناول البحث موضوع بناء لغة الحوار الداخلي و الاسترجاع الفني في رواية (هيلانه)، وفي نهاية تأتي الخاتمة متضمنة أهم النتائج التي توصل إليها الباحثان.